# شیعری فێرکاری و کاریگەری لەسەر فێربوون

# فەرهەنگی( ئەحمەدی) بەنموونە

پ.ی.د. لوقمان رەئوف
پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان

د. ئاوارە فەرەیدون
زانکۆی سلێمانی
awara.qadr@univsul.edu.iq

پ.ی.د.سروشت جەوهەر
زانکۆی کۆیە
srusht.jawhar@koyauniversity.org

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:2024/3/1**

**ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:2024/5/7**

**پوختە:**

ئەگەرچی شیعری فێرکاری یەکێکە، لە پۆلێنبەندییە جیهانییەکانی جۆرەکانی شیعر، بەڵام لەروانگەی گەشەکردن و پێدانی رۆڵەوەو دیاردەیەکی نوێی شیعرییەو کورد لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی ، پاشان ئەدەبی فارسی وەریگرتووە، هەمووشیان لەژێر کاریگەری رۆشنبیری بێگانەوە وەریانگرتووە، لەپێناو بڵاوکردنەوەی زانیاری و هونەر لای خەڵکی و کردەی فێربوون و فێرکردنی بابەتە زانستییەکان لای منداڵان و لاوان ئاسان بکەن، بەمەش فەرهەنگی شیعریی ئەحمەدی وەک رێگەیەکی نوێ و جیاوازی وانەوتنەوەو فێربوون لای شێخ مارفي نۆدی بەکارهێنراوەو بۆ سەردەمی خۆی شێوازو وەرچەرخان و قۆناغ و هەنگاوێکی گرنگ بووە.

شیعری فێرکاریش بەپێی شوێن و کەسەکان جیاوازی هەبووە، بەو مانایەی لای هەندێک وەک سیمای شیعریی و لای هەندێک وەک شێوەی شیعریی و لای هەندێکی تر وەک دانانێکی تایبەتی و تەنها سیمای لەشیعر چووە بەکارهێنراوە، بەڵام دواجار هەموویان لەیەک مەبەستی گرنگدا یەکدەگرنەوە، کە ئەویش کردەی فێرکردنە.

ئەم توێژینەوەیە بەپلەی یەکەم فەرهەنگی ئەحمەدی کردووەتە کەرەستەی سەرەکی بۆ ناساندن و خستنەڕووی کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێربوون، لەگەڵ باسکردن لە شیعری فێرکاری و خاسیەت و تایبەتمەندی و ئامانجی شیعری ئەحمەدی، بەشێوازێک ئەو هەنگاوانەی کە شێخ مارف گرتونیەتەبەر، لەپێناو ئامانج و مەبەستە فێرکاری و پەروەردەییەکاندا، هەروەها باسکردن لە تایبەتمەندی و رۆڵی شیعری فێرکاری لەسەر پەروەردەو پێگەیاندن لە قۆناغەکاندا.

پاشان باسکردن لەکاریگەری وکارنامەی شیعری فێرکاری، لەگەڵ رەنگدانەوەو کارلێککردنی لەسەر فێربوون و هێنانەوەی نموونەی شیعریی لە فەرهەنگی ئەحمەدیدا.

**وشە کلیلەکان:** شیعر، شیعری فێرکاری، فێرکردن، پرۆسە، فەرهەنگ

**پێشەکی:**

شیعری فێرکاری یەکێکە لە جۆرەکانی شیعرو خاوەن تایبەتمەندی و شێوازی خۆیەتی و ئامانجی سەرەکیشی فێرکردنی خەڵکییە لەکاروباری دنیایی و زانستییدا، هەر بەمەش لەجۆرو پۆلێنە جیهانییەکە جیادەکرێتەوە.

هەرچەندە شیعری فێرکاری لەسەردەمی کۆنەوە بوونی هەبووە، لەپێناو فێرکردنی خەڵکی بەشێوەیەکی ئاسان و کاریگەر، ئەمەش بەهۆی ئاسان لەبەرکردنەوە، بەڵام بەهەمان رێرەوی خۆی لەگەڵ سەردەمەکان هەنگاوی ناوەو بەپێی قۆناغ رۆڵی خۆی گێراوە، کاری سەرەکیشی فێرکردنی منداڵان بووە، چونکە منداڵ گرنگترین پایەی کۆمەڵگەیە، بەوپێیەی ئەو بونیاتەیە، کە کۆمەڵگەی لە ئایندەدا لەسەر بونیاددەنرێت، جگەلەمەش سەرەکیترین پایەی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونە، هەربۆیە هەموو کۆمەڵگەیەک، گرنگی و بایەخ و بەرنامەی تایبەتی هەیە بۆ ئەم بابەتە.

فەرهەنگی ئەحمەدی کە سەر بە شیعری فێرکارییە، فۆکەسی خستووەتە سەر ئەوەی کە دوور بێت لە هەڵچوونی دەروونی، لەگەڵ ئەمەشدا خواست لەسەر بیرکردنەوەو تێڕامان زیادکردووە، شێخ مارف هەموو ئەمەشی لەپێناو ئەوەدا گرتووەتەبەر، کە هەم زمان فێری ئەحمەدی کوڕی بکات، هەم توانای عەقڵی کوڕەکەی بەپلەی یەکەم زیادبکات، بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بە دەربڕین و گوزارشتی درێژ نەبەستووە، چونکە مەبەستی کردەی فێرکردن و فێرکاری زمان بووە، لای کوڕەکەی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١-خستەرووی گرنگی و رۆڵی فەرهەنگی ئەحمەدی لەسەر فێربوونی زمان.

٢- دەرخستنی فێرکردنی زانست و .......تاد و تێگەیشتن لەراستییەکان و لەبەرکردنی بەئاسانی بەهۆی قاڵبی شیعرییەوە.

٣- نیشاندانی گوتاری عەقڵی و دوورکەوتنەوە لەهەست و هەڵچوونەکان.

**بەشی یەکەم: چەمک و پێناسە:**

شیعری فێرکاری لە دوو وشە پێکهاتووە، لە وشەی (فێر) وشەی (کار) پێکهاتووە، لەلاتینیدا وشەی (Didaktikos) بەکارهێنراوە، لە ئینگلیزیدا وشەی (Didactic poetry) بەکاردێت، (الحانی،1968، ص29) بە فەرەنسیش زاراوەی(Poesie didactique) بۆ بەکارهاتووە"(وهبە،1983،ص107)

شیعری منداڵان بریتییە لە قسەیەکی کێشداری خاوەن هەستێکی مۆسیقی ڕەوان، یان هەڵگری بیرو هەست و مانایە، هەروەها شیعرێکی قافیەدارە، بەپێی یاسایەکی دیاریکراو نییە، چونکە خاوەن چوار ڕەگەزە، کە بریتین لە (ڕەوانی، ئاسانی، ڕەسەنایەتی، بەردەوام کاریگەری)( احمد، 2006، 112)

شیعری فێرکاری ئەو شیعرەیە، کە ئامانجی فێرکردنی خەڵکە، یان ئەو شیعرەیە خەڵکی (تاک، کۆمەڵ) بەدەم زانست و فێربوونەوە دەچن)( الفاخوری، 1377، 39)، ت.س ئەلیۆت دەڵێت"ئەو شیعرەیە لە ڕێگەی ئامۆژگارییە ئاکارییەکانەوە بۆ چوونەکانی دەداتە خوێنەر، بۆ قەناعەتپێکردنی"( ئەلیۆت،1991، 11)

د.شوکریە ڕەسول دەڵێت" شیعری فێرکاری ئەو شیعرەیە، کە سود بەخوێنەر، یان گوێگر دەگەیەنێت لە هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەیدا"(ڕەسوڵ،1989،106)، یاخود "شاعیر بەرهەمەکەی لە ڕێگەی دەقێکی هونەرییەوە پێشکەش دەکات و لە ڕێگەی بیرەوە، مێشکی وەرگر دەدوێنێت و هەستەکانیشی لە ڕێگەی وێنە شیعریەکانییەوە دەبزوێنێت و لە دڵەوە قەناعەتی پێدێنێ"( قەرەنی:2008،29)

کەواتە شیعری فێرکاری جۆرێکە لە جۆرەکانی شیعرو هەڵگری پەیامی زانست و زانیاری و کردەی فێربوونە، بە شێوازی شیعریی، ئەمەش لەپێناو ئاسانکردنی فێربوونی کاروبارەکانی ژیان (مادی، مەعنەوی) و لەبەرکردنی بەڕێگەیەکی کاریگەرو ئاسان.

**سەرەتاکانی شیعری فێرکاری:**

شیعری فێرکاری لەسەردەمی یۆنانییەکانەوە پۆلێنبەندی بۆکراوەو یەکێکە لە جۆرەکانی شیعر، بۆیە خاوەن مێژوویەکی دورودرێژە، بەڵام نوسین و بڵاوبوونەوەی لەسەرجەم ئەدەبیاتی جیهاندا، یەک ئاراستەو ڕەوتی بەرەوپێشچوونی هەبووە.

سەبارەت بە دەستپێکی شیعری فێرکاری، تەها حسین دەڵێت"یۆنانیەکان داهێنەری ئەم جۆرە شیعرەن، چونکە یۆنانیەکان ئەم جۆرەیان ناساند و شیعریان لەسەری نوسیوە بۆنمونە(هزیود)ی شاعیر چەند شیعرێکی لەم جۆرەی لەسەدەی 8پ.ز نوسیوە)( حسین، 1985، 280)، یاخود"شیعری فێرکردن وەک جۆرێکی سەرەکی شیعر لەسەدەی(8 پ.ز)لە ئەدەبی یۆنانداو لەڕێگەی (هیزیۆد)ەوە سەریهەڵداوە، یەکەم بەرهەمی ناوی (کارەکان و ڕۆژەکان) نوسیوە"(قەرەنی، 2008،ل5)بەهۆی ئەمەشەوە "هیزیۆد بە باوکی شیعری فێرکاری دادەنرێت"(عبدالنور،1979، 151)

جگەلەمەش هەر لەکۆنەوە شیعری فێرکاری لە نێو بۆنەکاندا ڕۆڵی خۆی گێراوە(ئەلیۆت:1991،10)،ئەمەش واتە پەیوەست دەبێت بە بۆنە ئاینیەکان بە پلەی یەکەم، بەهۆی ئەمەشەوە بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شیعری فێرکاری، (احمد امین)دەڵێت" پەیوەستە بە کاریگەری ڕۆشبیری هندییەوە" (امین، 1949، 285)، یوهان فک دەڵێت"بەکاریگەری ئەدەبی فارسی سەریهەڵداوە"(فک ،1980، 105)، طە حسین دەڵێت"لە ڕۆشنبیری یۆنانییەوە سەریهەڵداوە"(حسین،221،1958)، مصطفي هدارە دەڵێت"جگە لە ناوەکەی

شیعر نییە"( هدارە:2000، 367)، هەندێک پێیانوایە" میسریەکان (300)پ.ز چیرۆکیان لەسەر ئەو پەرەیەی لە بەرگی جۆرە قامیشێک دروستکردووە نوسیوە"(هیفا، 31)

دوابەدوای یۆنانییەکان، لای ڕۆمانییەکان ئاماژە بە شیعری هەریەکە لە (ڕۆمان لۆکریس)(55پ.ز) و فرجیل(19 پ.ز) دەکرێت، کە شیعرەکانیان دەچنە ئەم خانەیەوە.

لە ئەدەبی ئینگلیزیشدا لەسەدەی هەژدەوە بەرهەمی (ئامسترۆنگ1744)ەوە سەریهەڵداوە، (قەرەنی:2008،45)، یەکەمین کاری ئەدەبی منداڵان لەسەردەمی نوێدا لە فەرەنسا لەسەدەی حەڤدەدا بووە و لەلایەن (چرلز بیرو)ەوە، کۆمەڵێک چیرۆکی نوسیووە، لەوانە (سندریلا، چیرۆکەکانی دایکم ....) (شرایحە، 1983، 8) جگەلەمەش لە ئەدەبی فەرەنسیدا و لە ساڵی (1621- 1695) نامە شیعریەکەی (لافۆنتین) بە سەرەتای شیعری فێرکاری فەرەنسی دادەنرێت)(درویش،1973،283).

دوابەدوای ئەمیش خاتوو (دی بوجون)دێت(موسی،2000، 15)، هەروەها لە دانیمارکیش (هانز اندرسون (1805-1875) هەندێک چیرۆکی منداڵانی بڵاوکردەوە، ئەمەش بڵاوبوونەوەیەکی باشی هەبووە لە جیهاندا.( موسی،2000، 18) لە ئەمریکاش لەسەدەی نۆزدەدا لە ساڵانی 1876 لەلایەن (بول نبیان) چیرۆکی لەسەر پاڵەوان و هێز بڵاوکردۆتەوە(موسی،2000، 21)

ڤێرجیل (19-70 پ.ز) شاعیرێکی ڕۆمانی، شیعرێکی هەیە باس لە کشتوکاڵ دەکات، یە کێکە لە نموونە کۆنەکانی ئەم جۆرە شیعرە . لە سەدەی هەژدەهەمدا ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی ئینگلیز، لەسەر بنەمای ئەم بەرهەمە، کتێبیان لەسەر کشتوکاڵ و بەرهەمی هاوشێوەی نووسیوە.

هەروەها بەرهەمی بەناوبانگی شاعیری ئینگلیزی ئەلێکساندەر پۆپ (١٧٤٤-١٦٨٨) بە ناوی (پەیام) کە لەبارەی ڕەخنەوەیە وەک شیعرێکی پەروەردەیی دادەنرێت. )( ؟((tebyan.net) !

لە ئینگلتەرا ئەدەبی منداڵان لەگەڵ سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی و شەپۆلەکانی ڕۆمانسیەت سەریهەڵداوە، کە کار لەسەر بەرزڕاگرتنی خەیاڵ و منداڵیەتی و ....تاد دەکات، وەک لە چیرۆکی (نێڵز)ی (هانز کریستیان ئەندرسن) دا ڕەنگیداوەتەوە.

شیعری فێرکاری لەئەدەبی عەرەبیدا هەریەکە لە ( احمد امین،د. احمد فوزی الهیب، د. مصطفي هدارە) پێیانوایە لەسەردەمی عەباسییەکاندا سەریهەڵداوە(امین،1949، 246)( فوزی. 1986، 349)( جگەلەمەش (الغزاری) لە باسی زانستی شیعرناسیداو لەپێناو سود گەیاندن بە خەڵکی و ناسین و بیرکردنەوە لە گەورەیی خودا، شیعرێکی تێکەڵە لە فێرکاری و ئاینی لەم قاڵبەدا نوسیوە(الحمودی ،ب.ت: 118)دواتریش (علی بن همزە الکسائی)زانای زمانەوانی، شیعرێکی لەسەر وشەسازی نوسیوە (بغدادی، 1931، 412)

(د. شوقی ضیف) دەڵێت: (لە کۆتایی سەردەمی ئەمەویەکان و لەسەردەستی (روبە بن عجاج) سەریهەڵداوە (ضیف، 1991، 323)

کۆی ئەم بۆچونانەش لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە شیعری فێرکاری ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیری هندی، یان یۆنانیەو لێرەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەدەبی عەرەبی.

سەبارەت بە شیعری فێرکاری لە عیراقدا، بیان الصفدی دەڵێت"عیراق لە چاو وڵاتانی تری عەرەبی زۆر درەنگتر دەستی بە شیعری فێرکاری و ئەدەبی منداڵان کردووە، تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، هەرچەند لەساڵی 1909 (علی الشرقی) شیعری لەسەر زانست نوسیوە"( الصفدی،2003،202)، ئەم بۆچوونەش لە بێئاگایی و نەناسینی ئەدەبی کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە کورد بە درێژایی مێژوو خاوەنی شاعیرو ڕۆشنبیرو شارستانیەتی خۆی بووە، بەڵام بەهۆی ڕووخاندنی دەوڵەتی مادو کارکردن لەسەر سڕینەوەی مێژووی ئەدەب و .....تاد بەهۆیەک لەهۆیەکان لەناوچوون، تەنانەت هەندێکیشی دزراوەو ئێستا بەناوی وڵاتانی ترەوە دەخرێتەڕوو.

شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەدەب و شیعری کوردی، چونکە لەلایەک شیعری منداڵان، یان فێربوون لە شیعری گەورەکاندا هەیە و ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام لەگەڵ بوونی جیاوازیەک، کە جێگەی تێڕامان لە هەمانکاتدا دەستخۆشی و پێشەنگییە، ئەویش ئەوەیە کە شیعری فێرکاری کوردی زووتر لەناو ئەدەبەکەیدا و بەوشێوازو میکانیزمەی، کە فێربوونی زمانە سەریهەڵداو لەچاو ئەدەبی وڵاتانی تردا، لەگەڵ ئەمەشدا سەرهەڵدانی ئەم شیعرە، نەبووە هۆی لادان لە ستایل و قاڵبە کلاسیکیەکە.

شیعری فێرکاری کوردی لە ژێرکاریگەری ئەدەبی عەرەبی هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، لەلایەک هەردوو دەقی( نەوبەهاری بچوکان، ئەحمەدی) یەکەمین فەرهەنگی شیعریی کوردین و وشەی عەرەبیان زۆری تێدایە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەم بۆچوونە.

sjh@univsul.edu.iq

شیعری فێرکاری و لە ئەدەبیاتی جیهانیدا خاوەن مێژوویەکی زۆر دووروودرێژە، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا شیعری فێرکاری لە ڕوانگەی تایبەتمەندی و کارکردن لەسەری، خاوەنی مێژوویەکی زۆرنییە، چونکە شیعری فێرکاری شیعرێکی نوێیەو لە کۆتایی سەدەی حەڤدە لای کورد دەستی پێکردووە، کۆنترین دەقێک کە بۆ شیعری فێرکاری هەژمار دەکرێت، بەرهەمەکەی (نەوبارابچوکان) ئەحمەدی خانیە، ئەم فەرهەنگە لە(٢١٦) دێرە شیعرو(١٣) پارچە پێکهاتووە، لە نزیکەی(٩٠٠) وشەی عەرەبی و (٧٠٠) وشەی کوردی پێکهاتووە(شوان:٢٠١٤)، (خانی بۆیە بەشیعر دایناوە، چونکە لەبەرکردنیان ئاسانترو خۆشترە لای منداڵ، ڕەنگە لەو ڕوانگەوە لە زمانی عەرەبی ڕوانیبێت کە زمانی قورئان و زامنی ئاینی ئیسلام بووە) (شوان:٢٠١٤)، بۆیە ئەمەش لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی بە پلەی یەکەم لەسەردەمی عەباسییەکانەوە بە هۆکاری وەرگێرانەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەدەبی کوردی، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەحمەدی خانی لەم دەقەیدا تایبەتمەندی شیعری تێدا پاراستووە، ئەم کارەش بە کاریگەری ئەدەبی و ڕۆشنبیری، جگە لە گەلانی وەک هند و یۆنان کراوە، بەڵام فارس و عەرەبیش ڕۆڵیان هەبووە، بە هۆی خوێندن بە هەمان زمان و تێکەڵ بوونەوە، جگەلەمەش دوای گواستنەوەی ڕۆشنبیری گەلانی وەک یۆنانی و هندی، لە ڕێگەی ئەم زمانانەوە، ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە شیعرەش، بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و هونەرەکانە لە نێوان خەڵکیدا، دووەم ئامانجی لەبەرکردنی دەقەکانە لای فێرخوازان، کەواتە شیعری فێرکاری لای کورد لەچاو ئەدەبی جیهانیدا مێژووەکەی نوێیەو لە نەوبەهاری خانیەوە لە( 1683/3/12) دەستپێدەکات (کلو، 2013، 45)، دوای ئەمیش فەرهەنگی (لوغەتنامە ئەحمەدی) یە کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا شێخ مارفي نۆ دێ بۆ ئەحمەدی کوڕی نوسیووە.

قەرەنیش دەڵێت"یەکەم بەرهەمی شیعری فێرکاری بەرهەمەکەی ئەحمەدی خانییە(1650- 1707) کە ناوی (نەوبەهاری بچووکان)ە لە ساڵی 1682 نوسیویەتی"(قەرەنی:86،2008)، جیاوازی کاتەکەش بەهۆی بەراوردکردنی ساڵی زاینی و کۆچییەوە دروستبووە.

دووەم بەرهەم فەرهەنگی (ئەحمەدی)یە کە لەلایەن شێخ مارفي نۆدێی (1752—1838) لە ساڵی(1790) بۆ ئەحمەدی کوڕی نوسیوە، بەمەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی.(قەرەنی:87،2008)، ئەم کارەش لەژێر کاریگەری فەرهەنگی( نەوبەهاری بچوکان)ی ئەحمەدی خانی نوسیوە.

لەدوای ئەمانیش ئەمین عالی بەدرخان شیعری( دەلالیا) زاروان لە ژمارە(٦) گۆڤاری کوردسان لە (١٩١٩/٤/٢٢) بەناوی (زینۆ) بڵاوکردوەتەوە، دواتریش هەمان شیعری لە ژمارە(٥) گۆڤاری هاوار لە(١٩٣٢/٧/٢٠) بەناوی خۆیەوە بلاوکردوەتەوە، جگەلەمەش گۆڤاری هاوار چەندین شیعری تری بڵاوکردوەتەوە، لەوانەشیعری(بوهار)ی جەلادەت بەدرخان لە ژمارە(١) ساڵی(١٩٣٢/٥/١٥)، هەروەها لە ژمارە(٢) شیعرێکی بەناوی( تولا ولات) لە (١٩٣٢/٦/١) بڵاوکردوەتەوە، جگەلەمەش چەند کەسێکی تریش شیعری منداڵانیان بڵاوکردوەتەوە، لەوانە( قەدری جان، عوسمان سەبری) (شوان:٢٠١٤)

**خاسیەتەکانی شیعری فێرکاری :**

بەلەبەرچاوگرتن و خوێندنەوە بۆ هەردوو بەرهەمی ( نەوبەهاری بچوکان، ئەحمەدی)و دیاریکردنی تایبەتمەندی و خاسیت، هەر لەسەرەتاوە شیعری فێرکاری کوردی، خاوەن چەند خاسیەتێکی خۆی بووە، لەوانە:

**یەکەم: دوورکەوتنەوە لە هەڵچوونی هەستی و گرنگیدان بە لایەنی عەقڵی:**

١-لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا ئەدەبیاتی کلاسیکی باڵادەستبووە، بۆیە ڕەنگدانەوەی لایەنی عەقڵی لە دەقی شیعری فێرکاریدا، سیمایەکی دیاری دەقەکەبووە، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوەو لێکدانەوەی لۆژیکی، بەشێکی سەرەکی بووە لە پرۆسەی فێربوون و نوسین.

2- هەوڵدانی شاعیرەکان لەپێناو زیادکردنی زانیاری، وایکردووە لە ڕێگەی چێژی عەقڵەوە ئەم کارەبکەن.

3- شیعری فێرکاری بەسروشتی خۆی، پێویستی بەتوانستی تێرامان و وردبوونەوە هەبووە، بۆ نوسین لە چاو جۆرەکانی تری شیعردا، بۆیە کارامەیی عەقڵی و بیرکردنەوەو وردی مانا، بەشێکە لەدەقەکە.

4- شیعری فێرکاری ئاراستەی فێرخوازان کراوە، بەتایبەتی ئەوانەی ئاستی ڕۆشنبیریان لاوازبووە، یان مامناوەند، یان ئاستی زمانزانی لاوازبووە.

5- شیعری فێرکاری هەڵچوون دروست ناکات، بەڵکو ڕەنگدانەوەی توانا عەقڵیەکان و بیرکردنەوەیە.

**دووەم: وشەو دەستەواژەی کورت و پوخت:**

١-لەبەرئەوەی شیعری فێرکاری بەپلەی یەکەم فۆکەسی لەسەر ئەوەیە، کە پێویستی بەلەبەرکردنە، بۆیە پێویستە وشەو دەستەواژەکان کورتبکاتەوە، نەک درێژ، لەپێناو بەئاسانی لەبەرکردنی.

٢-مەبەست لە زانینی مانای وشەکانە، نەک لێکدانەوەکەیان.

**سێیەم: شێوەی شیعریی:** شیعری فێرکاری شێوازو شێوەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمەش پەیوەندی بەتایبەتمەندی شیعرەکەوە هەیە

**چوارەم : هەمەجۆری بابەت** : لەبەرئەوەی شیعری فێرکاری کار لەسەر ئەم کردەیە دەکات، بۆیە بابەتی جیاواز لەخۆدەگرێت.

**شیعری فێرکاری و ڕۆڵی لە پرۆسەی فێربووندا:**

شیعری فێرکاری لەبەرئەوەی ئەرکی سەرەکی کردەی فێرکردنە، بۆیە بەبێ جیاوازی ڕۆڵێ خۆی لەناو کۆمەڵگەدا گێڕاوە، لەانە:

1-شیعری فێرکاری دەیەوێت خەڵکی لە کایە جیاوازەکانی ژیاندا فێربکات، چ مادی، چ مەعنەوی و بە ڕێگەیەکی کاریگەرو ئاسان.

2- لەیەککاتدا هەم پرۆگرام، هەم قوتابخانەی فێرکردنە

3- فێرکردنەکان تەنها خوێندن ناگرێتەوە، بەڵکو کار لەسەر فێرکردنی ئاکار و بیروباوەڕو چاکەو ....تاد کردووە.

٤- لەپێناو ئەم پرۆسەیەدا، شێوازی جیاوازی گرتۆتەبەر، چونکە کردەی فێربوون پێویستی بەم چیاوازیە هەیە، بەهۆی جیاوازی کەسەکانەوە.

٥-هەنگاوێکە لەهەنگاوەکانی بەردەوامیدان بە پرۆسەی فێرکاری.

**جۆرەکانی شیعری فێرکاری**

شیعری فێرکاری سێ جۆری هەیە:

١- شیعرێک لە بواری ئاکارو بیروباوەڕدا.

٢- شیعرێک لە بارەی مێژووەوە.

٣- شیعرێک لەسەر زانیاری و هونەری ....تاد.

بەپێی ئەم بنەمایەش فەرهەنگی ئەحمەدی سەر بە جۆری یەکەمە.

**تایبەتمەندی شیعری فێرکاری (ئەحمەدی)بەنموونە:**

لەبەرئەوەی بەهەمان شێوەی شیعری فێرکاری بەگشتی و فەرهەنگی ئەحمەدی بەتایبەتی، ئامانجی فێرکردن و بەرۆشنبیرکردنە، بۆیە:

١- شیعری ماناکانە : بەو مانایەی چەند وشەیەک لەناو دەقەدا، دەبنە بنەمای کاری سەرەکی و کردەی فێرکاریەکەی، چونکە ئامانجی شاعیر خستنەڕووی ئەو چەند وشەیەیە.

٢- شیعرێکی کێش و قافیەداری خاڵی لە ویژدان، چونکە وشەکان لەگەڵ یەکتر وەسف دەکات، یان دەیانخاتە لای یەکتری بۆ ناسینی ماناکەی.

٣-هەم دەقی شیعری، هەم فێرکاری، هەم فەرهەنگی شیعرییە.

٤- شیعرو زانستی لەیەک نزیک کردووەو بوویە سیماو ناسنامەی.

**ئامانجەکانی فەرهەنگی ئەحمەدی**

لە شیعری فێرکاریدا دوو گوتاری جیاواز بوونیان هەیە:

sjh@univsul.edu.iq

گوتاری یەکەم : شیعر هونەرێکی جوانەو پشت بە مۆسیقاو خەیاڵ و وشەی مانای کراوە دەبەستێت و مەبەستەکەشی چێژ بەخشینەو لەگەڵ ویژداندا دەدوێ و ویژدان دەورژێنێت.

گوتاری دووەم: فێرکردن بریتییە لە باسکردنی زانیارییەکان بەزانستی بینین، پشت بە بەڵگەو پاساو دەبەستێت، مەبەستەکەشی گەیاندنی زانیارییە بە خەڵکی و سود پێگەیاندنیان و لەگەڵ عەقڵدا دەدوێت، لەپێناو ڕازیکردنی (الحلبونی، 2006، ص86)، لەم سۆنگەوە فەرهەنگی ئەحمەدی بریتییە لە:

١-سەربەشێوازی (تەلقین – ئیلقا)یەو لە ڕوانگەی مەوعزەو ڕێنوێنییەوەیە .

٢- کاری لەسەر فەرموودەی (آدع الی سبیل ربک) کردووە، بەو مانایەی کارێکە بۆ کار ئاسانی بۆ ڕاکێشانی خەڵک، کە بەکاری چاکە بۆت هەژمار دەکرێت.

٣- نابێت بە پێوانەی  شیعری منداڵان، یان شیعری ئێستا بپێورێت، چونکە چەند سەدەیەکی بەسەردا تێپەڕبووە.

٤- هیچ کەسێک تا ئەو کاتە بەو شێوازە لە کرمانجی خوارووەدا ئەم کارەی نەکردووە، لە پێش ئەمیش ئەحمەدی خانی لە کرمانجی خوارووەدا کردوویەتی.

٥- هانای بۆ شیعری هاوشێوەی نەبردووە، تاوەکو تێهەڵکێش بەکاربهێنێت.

٦- لە ڕوانگەی ئاینی و پاداشت و سزاوە، کاری لەسەر پرۆسەکە کردووە.

٧- هەوڵیداوە پەیوەندی منداڵ بە شتەکانی ترەوە دروستبکات.

٨- هەوڵدەدات بەهاو ئاکار لە منداڵاندا دروستبکات.

٩-ئەم فەرهەنگە لە (375) دێرە شیعر پێکهاتووە، لە(13)دێری پێشەکی و(284)دێری فێربوونی ناوەکان و (61)دێری لەسەر بەحرەکانی (رەمەل، سریع، رەقس)و(7)دێری لە بارەی وەرگێرانی کارەکانە.

١٠- ئامانجی سەرەکی شیعری فێرکاری بریتییە لە پێشکەشکردنی زانست بە شێوەیەکی ڕێکخراو، لەپێناو لەبەرکردنی لەلایەن فێرخوازانەوە بە شێوەیەکی ئاسان .

١١- فێرکردنی خەڵکی لە کاروباری دنیاو دواڕۆژیان.

١٢-فێرکردنی وشەی یەکتا پەرستی لای خەڵکی بەگشتی و لاوان بەتایبەتی.

١٣-خۆشەویستی خوداو پێغەمبەرەکەی لای خەڵکی زیادبکات.

١٤- فێرکردنی قورئانی پیرۆز بەم ڕێگە جیاوازە.

١٥- گەشەدان بە تواناکانی منداڵان و لاوان.

١٦-خستنەڕووی توانای مرۆڤ.

١٧-بونیادنانی دەروون دەرونێکی پاک و بێگەرد لەسەر بنەمایەکی پاک و دروست و پارێزگاریکردن لەو دەروونە پاکە لە لانەدان و ئەو مەترسیانەی دەورەی داون، هەر لە هەواو ئارەزوو و ڕەفتارەکان و بیرەکان .....تاد، کەواتە لەم خاڵەیاندا :

١- دروستکردنی بیروباوەڕو فێرکردنی لە دەروونی منداڵەکەدا.

٢- بەردەوام بوون لەسەر گیانی هاوکاری و خۆشەویستی ئەوانی تر و ملکەچبوون بۆ دادپەروەری و ڕاستی.

٣- دروستکردنی کەسانێکی هۆشیار و ژیر.

٤- پەروەردەکردنی لایەنی زانستی و زانیاری و خۆشەویستی کارو ئەنجام و پاساو .....تاد.

٥- کردنەوەی بیرو ئاشکراکردنی تواناکانی و گەشەدان بەهەستەکان و گەڕان و ئەزموون.

٦- فێرکردنی گیانی بەدواداچوون و ئاراستەکردنی بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجەکان .

٧- بەردەوام بوون لە خۆشەویستی دایک و باوک و ڕێزگرتن.

٨- دروستکردنی گیانی یەکسانی و دادپەروەری.

**بەشی دووەم: شیعری فێرکاری و کاریگەری لەسەر فێربوون**

فەرهەنگە شیعری ئەحمەدی یەکێکە لەو دەقە شیعرییانەی، کە کار لەسەر پرۆسەی فێربوون بەگشتی و فێربوونی زمانی عەرەبی بەتایبەتی دەکات، ئەمەش وەک هەوڵی باوکێکە بۆ پێگەیاندنی منداڵەکەی، یان ئامادەکردنی هەم بۆ پرۆسەی خوێندن، هەم فێرکردنی زمانی خوێندن، نەک لەئەنجامی داواکری و ڕاسپاردەی دەسەڵاتداران نوسیبێتی، بەڵام دواجاریش بریتییە لە پرۆگرامی خوێندن و پێداگۆجی لە حوجرەکان و لەهەمانکاتیشدا ڕێگەیەکی تەواو جیاوازی فێرکردنە لەو سەردەمەدا و وەک هوشیاری و خوئاگایی و هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی دادەنرێت، لەگەڵ ئەمەشدا فەرهەنگی ئەحمەدی بەپلەی یەکەم بۆ منداڵان و لاوان نوسراوە، چونکە لە قۆناغی فێرکردنی وشەی زمانی دووەمە بە پلەی یەکەم، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە ئەحمەدی کوڕی ئەم قۆناغە منداڵییەی، بەو مانایەی بنەماکانی فێربوونی خوێندوەو گەیشتۆتە تەمەنێک، پێویستی بەم کردەی فێرکردنە ئاڵۆزە هەیە، بۆیە شیعری فێرکاری (ئەحمەدی) بۆ منداڵ و گەورەشە، نەک تەنها منداڵ، بە پێچەوانەی ئەحمەدی خانییەوە، کە تایبەتی کردووە بە منداڵەوە، هەر لەبەر ئەمەش بە شیعربووە، چونکە ڕێگەیەکی باشە بۆ لەبەرکردن، دووەم: شیعر یەکەم شێوازی ئەدەبییە، کە مرۆڤ نوسیویەتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆو بەهێزی بە منداڵی و مرۆڤایەتییەوە هەیە.

شیعری فێرکاری کوردی، بەشێکی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە لە خاسیەت و قاڵبی شیعریدایە، یان لە چاوخشنێکی(لمحات) شیعریدایە، بەتایبەتی لە پیشەکیەکەکاندا، بەڵام هەندێکیان خاسیەتی شیعریان تێدا ڕەچاوکراوە، بۆیە لەشیعری فێرکاریدا سودەکانی بریتین لە ( بڵاوکردنەوەی زانست، زانیاری، فێربوون، ئاسانی لەبەرکردن) و خراپەکانیشی بە شیعر ڕووپۆشکراوە، ئەمەش دەستی بەسەردا گرتووەو بەمەش زیان بە چەمکی شیعری دەگەیەنێت.

گەشەکردنی ڕۆشنبیری کوردی لەکۆتایی سەدەی دەیەم و سەرەتای سەدەی یانزەیەم دەستیپێکردوەو دواتریش بەهۆی بەردەوامی و چالاکبوونی ڕۆشنبیری، بە کاریگەری هۆکاری جیاوازبووە لەوانە:

1- بەهۆی هەڵکشان و داکشانی گەشەی ڕۆشنبیری وڵاتانی دراوسێ، کاریگەری و ڕۆڵی لەسەر ڕۆشنبیری کوردی هەبووە.

2- یەکلاییکردنەوەو خۆتەرخانکردن، بەوەی ئەو کەسەی دەستی دابێتێ فێربوون کاری ڕۆشنبیری، کە هۆکاری گەشەو کرانەوەی عەقڵ بەهێزی و باڵای بیر، زانست ....تاد، وایکردووە هەست بە نەزعەیەکی نوێ بکات و بەهۆیەوە ئامانجە فێرکارییەکانی هێناوەتەدی.

3- ئەدەب لقێکە لە لقەکانی شارستانیەتی، بۆیە لەبەر گونجان و توانست و پێداویستی ئەم ڕێگە، یان هۆکارە سەرەکییەی گەشەسەندنی ڕۆشنبیری و فێرکردن بووە، لای کورد، چونکە شیعر پەیامێکی نوێی هەڵگرتووەو دەتوانێت بەهۆیەوە سود بەدەوروبەری بگەیێنێت.

4- شیعری فێرکاری لەیەککاتدا دەسپێکی پرۆسەی وەرگێران بوو لای کورد، هەروەها هۆکاری فێرکردن و ئاسانکاری پرۆسەی وەرگرتنی زانست و لەبەرکردنی.

ئەم فەرهەنگە شیعریە کار لەسەر پرۆسەی فێربوون و بەدەستهێنانی زانیاری دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی دەورەیان داوین لەڕێگەی ئەمەشەوە هەندێ ڕاستی لە بارەی شتەکان و سروشتیان و ڕۆڵی گرینگیان دەخاتەڕوو.

فەرهەنگەکە بەشیعرێکی ئاینی بەزمانی فارسی و بە ناوی خوداوە دەستپێدەکات، دەستپێکەکەش نوسراوە(بنام خدا)و ئەم دەربرینە دەقاودەق وەرگیراوی نوسراوە ئێرانییەکانە، کەتائێستاش لە نوسیندا پەیرەویدەکەن.

فەرهەنگەکەش پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشی یەکەم تایبەتە بە وەرگێرانی ناوە عەرەبییەکان بۆ کوردی، لەم بەشەشدا (٤٧) لاپەڕەی تەرخانکردووەو (١١٥٠") وشەی عەرەبی کردووە بە کوردی، هەندێک وشەی ناو یەک وشەی لەبەرامبەردا هێناوە، هەندێکیان دوو یان سێ وشەی بە هەمان مانا(وشەی هاوواتا) هێناوە، لەلاپەڕە(٢٠)دا ڕستەیەکی پرسی بەکارهێناوە، بەمەش هەم وشەی پرس، هەم کاری تێدایە، بۆیە یەکێک لە وشەکان دەچێتە سەر ئاماری کارەکان، لەناو وشەکاندا ژمارەکانی بەکارهێناوە، واتە وەریگێڕراون بۆ کوردی،

هەندێک لە وشەکان هاوواتان، هەندێک دژیشی بەکارهێناوە، لە ناو ئەم فەرهەنگەشدا بەحرەکانی (ڕەمەل، سەریع، ڕەقص) بەکارهێناوە(لوغەت نامەی ئەحمەدی، ل63).

لەناو ئەم بەشەشدا لەچەند دێرێکدا فەرهەنگەکە دەبێتە (فارسی – عەرەبی) بەمەش لەم فەرهەنگەدا سێ زمانی(کوردی، عەرەبی، فارسی) بەکارهێناوە، بەڵام لە بنچینەدا فەرهەنگی (کوردی، عەرەبی)ە .

لەبەشێکی تری فەرهەنگەکەدا، سێ لاپەڕەی تەخانکردووە بۆ وەگێرانی کارەکان و (70) کاری کردووە بە کوردی، بەگشتیش ئەوانەن کەزۆرتر لە کاری ڕۆژانەدا بەکاردێن، بە کۆی هەردوکیان (1220) وشەی بەکارهێناوەو کۆی ئەمانەشی لە(٤٩) لاپەڕەدا خستوەتەڕوو.

لەبەرئەوەی لوغەتنامەی ئەحمەدی وەک پرۆسەیەکی پەروەردەیی سەیردرکرێت، بۆیە بەپلەی یەکەم ئامانجەکەی پەروەردەیی فێرکارییە، لە ڕاستیدا ئامانجی پەروەردەییش دووکاری گرنگ لەخۆدەگرێت:

یەکەم: بونیادنان

دووەم : پارێزگاری

لەگەڵ ئەمەشدا هەمووکارێکی مرۆڤ پەیوەستە بە مەبەست و ئامانجەکەیەوە کە بۆی دیاریکردووە، هەرچەندە هەندێک جار دەشێت ئامانجەکە ڕوونبێت، هەندێ جاریش ناڕوون بێت، واتە ئامانجەکە هەڵبژێردراوبێت، یان نا، پێمانوایە سەرچاوەی سەرەکی و پاڵنەری نوسینی ئەم فەرهەنگە، بریتیە لەوەی کە کوڕەکەی فێری بڕوابوون بە خوداو نیشتمان و مرۆڤایەتی ببینێت، لەدڵێکی پاکی تازەپێگەیشتودا، لەپێناو ئەوەی وابکات منداڵەکەی خزمەتی ئەوانی تر بکات و گیانی هاوکاری تێدا دروستبکات، ئەمەش ڕێگەی ئیمان و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو زانست و ....تاد هەیە فێردەکات، هەم دنیاو دوارۆژی ڕووندەکاتەوە، ئەمە سەرەڕای زیادکردنی لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری و فراوانکردنی وشەی فەرهەنگی و زمانی ..... تاد(لوغەت نامەی ئەحمەدی، ل63)..

هەموو کارێکی مرۆڤ پەیوەستە بەوبیروباوەڕەی کە هەیەتی و بڕوای پێیەتی، ئیدی ئاسمانی بێت، یان سەرزەمینی، بۆیە نۆدێیی ویستویەتی منداڵەکەی منداڵێکی موسڵمان و ئازاد لە هەموو کۆت و پێوەندەکان کە گەشەی منداڵ دەگرن و چالاک و بیرکەرەوە بێت.

**یەکەم: فەرهەنگی ئەحمەدی وەک ڕێگەیەکی وانەوتنەوە و پێداگۆجی**

هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی وانەوتنەوە هێزێکی گرنگی فێرکردن بووە ، چونکە لە کۆمەڵێك بنەماو پرەنسیپی جیاواز دەگرێتەبەر، لەپێناو گەیشتنە ئامانجێکی دیاریکراودا، لەسەرەتادا بیرو ئەزموون و روانینی کەسە بەئەزموونەکە بەپێی سەردەمەکان لەگەڵ سروشتی زانیاری تاکدا هۆکارو بڕیاردەری فێربوون بوون، بەڵام دواتر و بە پێی پێشکەوتن و ئەوەی دەروناسەکان پێیگەیشتون لەبارەی ماهیەتی فێربوونەوە، بووەتە تەواوکەری پرۆسەی فێربوون و هێنانە ئارای ڕێگەو شێوازی نوێی فێربوون.

ئەگەرچی لەمڕۆدا ناتوانرێت تەنها یەك ڕێگە لە کرداری فێربووندا بەکاربهێنرێت، چونکە هەر ڕێگەیەك خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و بۆ ژینگەو شوێن و کەش و کەسێکی دیاریکراو دەبێت و لەسەر مامۆستایە ئەو ڕێگە گونجاوە دەستنیشانبکات، بەڵام لەسەردەمی شێخ مارفي نۆ دێیدا، تەنها ئەزموون و توانی زانیاری و رۆشنبیری خۆی، هۆکاربووە بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی جیاوازتر بۆ فێربوون،

**دووەم: کارنامەی فەرهەنگی ئەحمەدی**

فەرهەنگی ئەحمەدی لەخۆگری چەند کارنامەیەکەو مەبەستە سەرەکیەکەش بریتییە لە خودی ئەم کارنامانە، بۆیە لە بنچینەدا پەیوەستە روانینی نوسەر، یان بە بەرپرسیاریەتی دایک و باوک، ئەم کارەش لەسەر بنەمای ئەو ئایەتە هاتووە، کە خودا دەفەرمووێ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا....)(تحریم،ایه 6)، هەروەها فەرمودەی(اطلب العلم من المهد إلى اللحد)، یاخود (کل معروف صدقة)سەرچاوەی گرتووە، کەواتە لەکۆی ئەمانە کارنامەکانی فەرهەنگی ئەحمەدی خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە:

١- کارنامەی فێرکاری ٢- کارنامەی ئاینی، یان بیروباوەڕی ٣- کارنامەی پەروەردەیی

**١ـ کارنامەی فێرکاری:**

ئەم فەرهەنگە بە پلەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ فێرکردنی زمان، بۆیە فەرهەنگیکی شیعریی، یان شیعرێکی فەرهەنگی فێرکارییە و ئامانج لێی کردەی فێرکردنە، کردەی فێرکردنەکەش بریتین لە:

١ـ فێرکردنی زمان : ئەم کردەیەش بە فێرکردنی ناوی ئەندامەکانی لەش دەستپێدەکات، پاشان ناوەکانی سروشت، ئاژەڵان، شیرەمەنی........ تاد. هەموو ئەمانەش ئەو شتە پێویستیانەن، کە لەوسەردەمەدا پێویستیان بە زانینی هەبووە، بۆنموونە:

(رأس): سەرە.(عین): چاوە

(بدن): قڵب.(اسم): ناو

یان: (شمس): رۆژە.(قمر): مانگە

(درهم): درەم.(دانق): دانگە

(أرز): برنج.(شلب): چەڵتووکە

(ثقیل): گران.(خفیف): سووکە.....ل12

یان:

(مطر و غیث، وجود و حیا) بارانە

(خریف): پایزە.(شتاء): زستانە......47

٢ـهەر لەم بەشەدا لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەی زیاتری وەک وشەی هاوواتای کوردی، لەپێناو تێگەیشتن و زانینی ماناو مەبەستەکە خستۆتەڕوو، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەشێک لە ناوەکان ئەوانەن کە لەقورئاندا هاتووە، نەک لە کوردستاندا هەبێت و بەکاربێت، بۆیە مەبەستی بووە لە ڕێگەی ناوەکانی ناو قورئانەوە فێریان بکات ، تاوەکو بە زوویی فێری زمانی عەربی قورئانی بێت و لێرەوە بچێتە بەرخوێندنی حوجرەو قۆناغەکانی، وەک وشەکانی (فلک، سفینە، بحر ، ملک، صراط، مکان ، عماد، ضحی، ...... تاد)، بۆ نموونە:

(حب): دانەیە.( قمح و حنطە): گەنم

(صقیع): سێخوار*.(ندا): آونم........12

*شتێکی سپیە وەکو بەفر لە پایزدا کە هەوا سارد ئەکات بەشەوا ئەکەوێتە سەر زەوی، کەمێ هەوا گەرمی کرد نامێنێ، لەزمانی هەوراميدا پێی ئەڵێن ئاڵشتە(لوغەتنامە:12)

یان:

(فلک و سفینە): کەشتیە

(ذبح و ذبیحە) کوشتی یە*

*حەیوانێ ئامادەکرابێ بۆ سەربڕین.......21

یان:

( درب و لقم، صراط): رێگە

( مکان، معان، محل): جێگە.....39

جگەلەمەش لەگەڵ ئەوەی شێخ مارفي نۆ دێ خۆشی مەلا بووەو مامۆستای ئاینی بووە، پێیوابووە یەکێک لە بەرپرسیاریەتییە ئاینی و مرۆییەکانیش، فێرکردنی زمان و رەفتارو.....تاد بووە، جگە لەمەش ئەم کتێبە دواتر بووە بە کتێبی خوێندن لە حوجرە، چونکە هەم فێربوون زمان بەهێزدەکات، هەم ئامۆژگاری و رەشتی جوان لای منداڵان و فێرخوازان دروستدەکات، کەواتە (شێخ مارفي نۆدێ) (١٧٥٣-١٨٣٨)بۆ مەبەستی فێرکردنی زمانی عەرەبی فەرهەنگۆکێکی عەرەبی – کوردی بە قسەی کێش و قافیەدار دانا بۆ ئەحمەدی کوڕی (کاک ئەحمەدی شێخ ١٧٩٢-١٨٨٧) فێری عەرەبی ببێ، لە پاشاندا چووە ناو بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەی ئاینی لە هەموو ناوچەکانی خوارووی کوردستان)(رەئوف:٢٠٢٣)

**٢- کارنامەی پەروەردەی ئاینی:**

نوسەر مەبەستیەتی لە ڕێگەی کردەی فێربوونی زمانەوە، فێری پەیامدارییە ئاینیەکەی بکات و لە ڕێگەیەوە ئامۆژگاری و داواکارییە ئاینیەکان چ لە قورئان، چ لە فەرموودەکان فێری منداڵان و لاوان بکات، بۆ نموونە:

(صلاة): نوێژە.(ذان) بانگە

( سنة): ساڵە،(شهر) مانگە.....ل١٠

یان: ( ضحی): چیە؟ چێشتینگاوە

( ضحاء): رۆژە. ( خطوة): هەنگاوە....40

هەموو کارێکی مرۆڤ پەیوەستە بەوبیروباوەڕەی کە هەیەتی و بڕوای پێیەتی، ئیدی ئاسمانی بێت، یان سەرزەمینی، بۆیە نۆدێیی ویستویەتی منداڵەکەی منداڵێکی موسڵمان و ئازاد لە هەموو کۆت و پێوەندەکان کە گەشەی منداڵ دەگرن و چالاک و بیرکەرەوە بێت، بۆنوونە:

( مصباح و نبراس و سراج): چرایە

( شقیقة): خوشکە. ( شقیق): برایە.....42

یان: (مرارة): ئیسمی زراوە

(عصف ماکول) کای خوراوە....ل14

هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە دەکات، تاوەکو تواناو کارامەیی منداڵەکەی ئاشکرا بکات و لەم ڕێگەیەوە گەشە بەتواناو ئەزموونەکانی بدات، ئەوەش خۆی لە خۆیدا لە کۆندا ئامرازێکی پەروەردەیی فێرکاری بووە.

**٣- کارنامەی پەروەردەیی:**

ئەم کارنامەیە لەهەمانکاتیشدا تەواوکاری دوانەکەی ترە، چونکە لەلایەک هەردووکیان لە پرۆسەی فێرکارین، لەلایەکی تریشەوە لایەنی یەکەم پەیوەستە بە تێگەیشتن و بیروباوەڕو بەردەوام بوون لەسەری، بەڵام فێرکاری لە پرۆسەی فێربوونی قورئان و تەجوید و کارامەییەکانی خۆی دەبینێتەوە، بۆیە لەم ئامانجەدا بە پلەی یەکەم ، فۆکەس لەسەر گەشەدان بە توانای زمانی، پاشان خوێندنەوەو نوسینە، واتە دەیەوێت فەرهەنگی زمانی و زمان لای کوڕەکەی بەهێزبکات، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ دروستکردنی شێوازی گوزارشتکردن لای کوڕەکەی.

نوسەر لە ڕێگەی ئەم فەرهەنگەوە دەچێتەوە بۆ ناو چیرۆک و ڕووداوەکان ، بەو مانایەی کە ئەو وشانەی هەڵیبژاردوون لە خۆوە نەبووە، بەڵکو ئەو وشانەن، کەلە چیرۆک یان پەندەکان هەن، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە هەم مانای وشەکان هەم لە پەندو ئامۆژگارییەکان سود وەربگرن و کاریگەری لەسەر لایەنی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی فێرخواز دروستدەکات، وەک دەڵێت:

( رقبة): عەبدو هەم گەردنە

(حیاة): ژیانە.(موت): مردنە...ل9

یان: (شجرة):درەخت.(حجر): بەردە

(دواء) دەرمان.(داء)دەردە......ل١٢

**سێیەم: کاریگەری پرۆسەی فێربوون:**

لەگەڵ بەشارکردنی سلێمانی هەر لە سەرەتاوە پێگەیەکی گەورەیش خوێندەواری دروستکرد، ئەگەرچی لە سەردەمی میرنشینی بابان چەندین مزگەوت و حوجرە و خانەقای تێدابووە کە مامۆستایانی گەورەی وەك (شێخ مارفي نۆدێی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کاك ئەحمەدی شێخ، شێخ عومەر قەراغی) لەو مزگەوت و حوجرانە گەورەبوون و دواتر بوونەتە مامۆستا بۆ نەوەکانی دوای خۆیان (رەئوف:٢٠٢٣)، دوای گواستنەوەکەی مینشینی بابان شێخ مارفي نۆدێ لە قەڵاچوالانەوە هاتە سلێمانی و بوو بە مامۆستای مزگەوتی گەورە، بووە مەرجەع بۆ هەموو کاروبارێکی دین، جگە لەوانەش بوویە رابەری رێرەوی قادری و مزگەوتی گەورە بوو بە مەرکەزێکی ئەم رێرەوە )( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم،٤٨)، ئیدی لێرەوە بنکەیەکی فێربوون و فێرکردنی زمان بەتایبەتی عەرەبی و فارسی ببویە هێمای فێرکردن، هەربۆیە لەگەڵ دروستکردنی کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی ، (شێخ مارفي نۆدێ) دەرسی تێدا وتۆتەوەو ئەمینداری کتێبخانەکەش بووە،( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم،١٠٦ )، لەم سۆنگەشەوە نوسەر لەم فەرهەنگەدا چەند بنەمایەکی گرتووەتە بەر، لەپێناو هێنانەدی ئامانجی فێربوون و رەنگدانەوەی لای کورەکەی، لەوانە:

**١ـئاسانی وشە:**

نوسەر لەبەرئەوەی مەبەستییەتی وشەکان فێری کورەکەی بکات ، بۆیە هەوڵیداوە وشەی ئاسان بەو مانایەی لەو سەردەمەدا ئاسان بووە، لەگەڵ روونی مانادا بەکارهێناوە، بەومانایەی وشانێک بن گوێگر، یان خوێنەر ناچارنەبێت هانا بۆ گەران بەدوای ماناکانیدا بکەن، لەگەڵ ئەمەشدا دەستەواژەو دەربرینەکان ئاسان و تەواون، چونکە وشەی گونجاو و پێویست و سەرەکی بەکارهێناوە ، لەمەشەوە ئەوە روونەبێتەوە، کە نوسەر وشەی گونجاوی هەڵبژاردووە لەبەر خوێنەر، نەک بەیتە شیعریەکە، واتە نوسەر هەوڵیداوە دێری ئاسان و ئەوانەی بەئاسانی لەبەردەکرێن بەکاربهێنێت، ئەمەش بووەتە خاسیەتی دەقە شیعریەکە، بۆ نموونە:

(أعمی) کوێرە، (أصم) کەرە

(معز) بزنە، (نعجة) مەرە

(أبيض) سپی، (أسود) رەشە

(أزرق) شینە، (نصيب) بەشە....ل15

**٢ـزانین و فێربوون لەیەک کاتدا:**

نوسەر هەوڵیداوە کۆمەڵێک وشە فێری کورەکەی بکات، کە لەیەک کاتدا ناسینی وشەو ماناکانە لە زمانی عەرەبی و ئاینیدا، ئەمەش جوغزە سەرەکییەکەی فەرهەنگەکەیە، بۆیە ئەم دوانە بنەماو پرەنسیپی کردەی فێربوونن لەم تەمەنەدا، بۆ نموونە:

( هلال): مانگی یەک شەوەیە

( حفيد و حافد): نەوەیە

( بدر): مانگی شەوی چواردە

( وردو شبم): ئاوی ساردە...23

یان:

( عام و حول و حجة): ساڵە

( أسبوع): هەفتە. ( نشب): ماڵە...24

یان:

( مصر و مدینة كورة): شارە

( مسجد): مزگەوت. ( سوق): بازارە

**٣- یەک بابەتی:**

کۆی دەقەکە بریتییە لە فەرهەنگی شیعریی، هەموو ئەمەش لەپێناو ئامانج و گەیشتنە مەبەستدایە، نەک هەمەجۆری بابەت و کرانەوەیی، چونکە منداڵ نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت لەم هەمەجۆرییەدا پردی پەیوەندی لێکتێگەیشتن بدۆزێتەوە، بەمانایەکی تر لەپێناو فێربووندا یەک ئامانج بووەتە بنەمای کاری سەرەکی دەقەکە، وەک دەڵێت:

(شاب): جوانە.(هرم): پیرە

(قوس): کەوانە.(سهم): تیرە...11

واتە لەکۆی دەقەکەدا یەک بابەتی لەپێناو هێنانەدی ئامانج و مەبەستەکەیدا گرتوەتەبەر، چونکە کاری سەرەکی پرۆسەی فێربوون و پەروەردەکردنە.

**٤-چەند کێشی:**

لە شیعری فێرکاریدا شاعیر چەند کێشێک بەکاردێنێت وەک لای عەرەبەکان باوبوو ، ئەمەش لەپێناو گەیاندنی مەبەست بووە، نەک ڕەچاوکردنی جۆری کێشەکە لە دەقەکەدا، وەک کێشەکانی(رەمەل، سریع، رەقص) ئەمەش زۆربەئاسانی و لەپێناو هێنانەدی کردەی فێربوون بووە، بۆ نموونە ئەم دەقەی بە کیشی(رەقص) نوسیووە:

(حصی) چیە؟ بەردی بچوک

(أنوک) ئەحمەقە، جەمعیچی(نوک)

(غراب و غداف):قەلە رەشە

(نون): ماسیە.( دامس): رەشە....ل64

یان ئەم دەقەی بە کێشی (رەمەل) نوسیوە:

(هرم): پیری.( شیب): موی سفید

(رجاء، أمل هەم أمل): ئومید.....ل63

**٥- هاوواتایی وشە:**

نوسەرلەم فەرهەنگەدا چەندین وشەی هاوواتای چ بە زمانی عەرەبی، چ بە زمانی کوردی بەکارهێناوە، ئەمەش لەپێناو بەهیزکردنی ئاستی فەرهەنگ و وشە لای فێرخواز، هەروەها کارئاسانیکردن بۆ بۆچوون و ڕوانینی لە کاتی نوسین و دارشتندا، وەک دەڵێت:

**کوردی: حاجەت: نیاز ، ئارەزوو ون: گوم بوو، شاراوە**

**عەرەبی: (حائک و حیاک) ئیسمی جۆلایە**

**یان:( ركیة) چیە؟ ئسیمی بیرە**

**(هصر، هیصر، هیصار) شیرە.....ل9**

هێنانی وشەی هاوواتای هەم وشەوی عەرەبی، هەم کوردی بۆ ئەوەیە، لە لەگەڵ بەهیزکردنی زمانی عەرەبیشدا، زمانە کوردیەکەو فەرهەنگی زمانیش بەهێزترو دەوڵەمەندتر بکات.

**ئەنجام :**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەوەی

١-شیعری فێرکاری لە ئەدەبی یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووەو هێزبۆد بە باوکی ئەم ئەدەبە دادەنرێت.

٢- ئەم دەقە وەک قاڵب بووەتە دەقی شیعریی، چونکە بەگشتی بنەماکانی شیعری تێدا جێبەجێ نەکراوە، بەڵام بەشیعر نوسینی بۆئەوە بووە، بەئاسانی لەبەربکرێت .

٣- بنچینەی ئەم دەقە لەپێناو ئەوەدابووە، لەڕێگەیەوە فێری زمان، پاشان بنەماکانی ئاکارو بیروباوەڕبێت، پاشان ڕاستی و زانیارییەکان.

٤- ئەحمەدی هەم فەرهەنگە، هەم شیعر، هەم ڕێگەی وانەوتنەوە، ئەمەش ئاستی هوشیاری و پیشەیی شێخ مارف نیشاندەدات لەم لایەنەدا.

٥-شێخ مارف مەبەستی بووە شێواز و ڕێگەی نوێ و جیاواز لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بێنێتەکایەوە.

٦-یەکەمین فەرهەنگ و فێربوونی وشەکان و پێداگۆجیە بۆ منداڵان.

**سەرچاوەکان:**

**کوردییەکان:**

ڕەسول،د.شوکریە، 1989، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر

قەرەنی، ئەحمەد،2008، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای ئاراس.

نۆدێ، شێخ مەعروف،1379، لۆغەتنامەی ئەحمەدی، انتشارات کردستان، سنە.

بابان، جەمال ، سلێمانی شارەگەشاوەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم،٢٠١٢.

**عەرەبیەکان:**

احمد، سمیر عبدالوهاب، 2006، ادب الاطفال قراءات نظریە و نماذج التطبقیە، دار المسیرة للنشر، عمان

الیوت ت.س ،1991، في الشیعر و الشعراء، ت:دار کنعان للدراسات و النشر، دمشق

امین، احمد ، ،1949ضحی الاسلام، لجنه التالیف و الترجمه والنشر، القاهرة

بغدادی، خطیب، 1931تاریخ بغداد، مطبعة السعادة، مصر

الحانی، د.ناصر، 1968، المصطلح في الادب الغربی،دار المکتبة العصریە، بیروت

حسین، طە، 1958 ، حدیث الاربعاء، دار المعارف القاهرة

الحمودی، یاقوت ، ب.ت، معجم الادباء، دار احیاء للتراث العربی، بیروت.

درویش ،د.علی،1973، دراسات في الادب الفرنسی، مطابع الهیئة المصریة قاهرة

شرایحە، صیفا ، 1983ادب الاطفال، مکتبة نهضە، المطبعە الوطنیە، عمان

الصفدی، بیان ،2003، شعر الاطفال في الوطن العربی، دیمشق

ضیف، شوقی، 1991، التطور والتجدید في الشیعر الاموی دار المعارف مصر

عبدالنور، د.جبور، 1979،المعجم الادبي، دارالعلم الملاین، بیروت

الفاخوری، حنا ، 1377،تآریخ ادبیات العربی، چاپ اول، تهران

فک، یوهان، 1980، العربیه، ت:د.رمضان عبدالتواب، مکتبة الخانجی، القاهره.

فوزی، احمد، الحرکه الشیعریه من زمن الممالک في حلب الشهباء، بیروت، 1986

کلو، د. عبدالرحمن،2013، قراءه معجمیة في نوبهارا بچوکان، مدارات کورد

موسی و اخرون، عبدالمعطی نمر ، 2000،، ادب الاطفال، مکتبة طریق العلم

هداره، مصطفي:2000، اتجاهات الشعر العربی في القرن الثانی الهجری، دار المعارف، القاهرة.

وهبه، مجدی، 1983، معجم المصطلحات الادب-انگلیزی- فرنسی-عربی، مکتبه لبنان، بیروت

**گۆڤار:**

الحلبونی، د.خالد، 2006، الشعر التعلیمی (بدایه، تطوره، سماته) مجله جامع دمشق، مجله 22، عدد(3-4)

**کۆنفرانسی نێودەوڵەتی:**

ڕۆڵی میرنشینە کوردییەکان لە گەشەسەندنی رۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیدا

**وێب سایت:**

-شوان، رەزا، ئەدەبی منداڵانی کورد لە باکووری کوردستان(kurdistanpost.nu) ٢٠١٤/٩/٢١

**الملخص:**

رغم أن الشعر التعليمي هو أحد التصنيفات العالمية للشعر إلا أنه من حيث التطور والدور، يعتبر ظاهرة شعرية جديدة والأكراد تحت تأثير الأدب العربي ثم الأدب الفارسي و الجميع تحت تأثير الثقافة الأجنبية، فقد تم استخدام قاموس الشعر الأحمدي كـ طريقة جديدة ومختلفة للتعليم والتعلم على يد الشيخ معرفي نودهي، والذي كان نقطة تحول مهمة في عصره.

وقد اختلف تدريس الشعر حسب المكان والشخص، حيث استخدمه البعض كشكل شعري، والبعض الآخر كمكان خاص، ولكن في النهاية يجتمعون جميعا معا في هدف واحد مهم، وهو عملية التدريس.

لقد جعل هذا البحث في المقام الأول من المعجم الأحمدي الأداة الرئيسية للتعريف وعرض أثره في عملية التعلم، مع مناقشة الشعر التعليمي وخصائص الشعر الأحمدي وأهدافه، وبشكل ما فإن الخطوات التي اتخذها الشيخ معرف لأغراض تعليمية، كما نناقش خصائص الشعر التعليمي ودوره في التعليم في مراحله.

**Abstract:**

Although educational poetry is one of the international classifications of poetry, in terms of its development and role, it is considered a new poetic phenomenon, and the Kurds are under the influence of Arabic literature, then Persian literature, and all of that is under the influence of foreign culture. The Ahmadi poetry dictionary was used as a new and different method of teaching and learning at the hands of Sheikh Marafi Nodi. Which was an important turning point in his time.

Teaching poetry differed depending on the place and the person, as some used it as a poetic form, and others as a special place, but in the end they all come together in one important goal, which is the teaching process.

This research has primarily made the Ahmadi dictionary the main tool for definition and presenting its impact on the learning process, while discussing educational poetry and the characteristics and goals of Ahmadi poetry. In a way, the steps taken by Sheikh Maarif are for educational purposes. We also discuss the characteristics of educational poetry and its role in education in its stages.